ئاکاری نزم و فاشیزم، فاشیزمی خۆ و فاشیزمی ئاپۆایی..
ئەحمەد هەسۆ

فاروق هەفیق، یەکێک لە عەقڵە فەلسەفییەکانی کۆمەڵگای ئەمە بە هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیانە فەلسەفییەکی کرد و پێژەکانی بە تەواونەکراوی بەجێهێشتن.

ناو و یادی ئەو هەمیشەیی و پێشنگدار.

بیربکەرەوە و وێنای بکە، لە غیابی عەقڵە فەلسەفییەکانی و ئایکۆنە هەشنبیریی و ئەدەبییەکانیدا، فاروق وەکو یەکێک لەوان، کۆمەڵگای ئەمە لەسەر دەستی ئاپۆای خەگەرایی حزبیی و ئیسلامیزمدا، دەبێتە چ بیابانێکی بەرهوت.

ئادرنە و کۆمەڵگای پێشکەوتووی پیشەسازی
فاشیزم، ئاکاری نزم و ژیانی خراپ

کۆمەڵگای پێشکەوتووی پیشەسازیی دنیایەکی هەکخراو و دیسپلینکراوە بەجۆرێک عەقڵی کردووەتە ئامێریی و ئاکاریش لە بەرهەمهێنراوی ئەو تەکنیکە پێرەسەندووە و ئەو عەقڵە ئامێرییەدا بووەتە ئاکارێکی نائینسانی. ئادرنە دەڵێت ژیانێکی باش و ڕاستگۆیانە چیدی لە کۆمەڵگای پیشەسازیی پێشکەوتووەدا نەماوە، لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگایەکی نائینسانییەدا دژین. کتێبەکە خۆی لە هەندێکیدا هاوەڵدەات پەمان بەڵێت ژیانێکی باش و ڕاستگۆیانە چییە و چۆن دەتوانین ئەو ژیانە بژین. کە هەموو ئەمانە لەگەڵ ووردەکارییەکانی ژیانی هەژانە و ئەزموونی ئینسانەوە لە بەرکەوتنی بە مرۆڤکانیدی و ئاکارە گشتییە کۆمەڵایەتییەکان، بە دەزگاکان و بە یاسا و هەساکانەوە، باس دەکات. هەروەها باس لە یەتەپیای دنیای پێشکەوتووی پیشەسازیی دەکات هەمان شێوەی ئاین دنیایەکی یەتەپیی لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤدا دەچێنێت. کتێبەکە باس لەو ژیانە دەکات کە ووردەکارییەکانی ئاکاری نزم تانوپۆی دەتەنێت و دواجار لە بەرهەمهێنانی فاشیزمدا دەردەکەوێت. واتا فاشیزم بە بوونی ئاکاری نزم و ژیانێکی خراپ ناتوانێت ببێت. ئاکاری نزم و ژیانی خراپ زەمینەی لەدایکبوونی مرۆڤی فاشیست و سەرهەڵدانی فاشیزمن. کۆمەڵگای پێشکەوتووی پیشەسازیی و دنیای پەرەسەندووی تەکنیک، ئەو

دنیایەن کە فاشیزم وەکو گوتار و دەستەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئاکاری فاشیستی تێیدا لەدایکدەبێت.

...

ئەمەی سەرەوە، لە کتێبی "مینیما مۆالیا؛ شکانەوەکان لە ژیانی زیانبەرکەوتووەوە" ی ثیودۆر ئادۆرنۆر فیلسوف، کۆمەڵناس و دەروونشیکاری سەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرت. هەبەت بەو جۆرە نییە کە بە دەق وەرگیرابێت بەڵکو ئایدیایەکی گشتی کتێبەکەیە.

...

ئەم ماوەیە هەمەتەکی فراوان لە ڕووبەرکانی سەشیاڵ میدیادا لە دژی د. فاروق ڕەفیق بەڕێوەدەچێت لەسەر هەندە قسەی "وا تەسەور دەکەم" کە لە سیاقی لێکچڕکدا بێت و لە میانەی کەرسە فەلسەفییەکانی و بەشکەی زۆر کەم لە قسەکانی بەدراوە و بەاوکراوەتەوە کە ئاشکرایە زۆربەی جار کاتێک چەند ستەیەک لە کەی گشتی ووتەکانی کەسێک بە تەنها وەردەگیرێت و لە سیاق دادەبڕنرێت ئاسایی مانای جیاواز و پێچەوانە بە مانای گشتی کەی ووتەکانی ئەو کەسە بە دەستەوە بدەن، لەبارەی شارەچکەی زۆالیەن، کە بەچوونە ڕەخنەییەکانی لە بنەمادا لەبارەی پەروەردە بە گشتیی و خوێندنی باڵایە بە تایبەتیی و لەو چوارچێوەیەشدا ڕەخنەکردنی کەلەژێک لە شارەچکەی زۆالیەن وەکو نموونەیەک. ئەوەی لە پشت ئەم هەمەتەوەیە هەم فەندەمێنتالیزمیی دینیی "سەلەفیزمی دینیی و ئیسلامی سیاسیی" و هەم ئایدیەلۆژیای کوردایەتیی بە دەستەملانی عەشیرەتگەریی و دیوەخان. لە ڕاستییدا ئایدیەلۆژیای کوردایەتیی هەر لە بنەماوە لەسەر ئاوەزانبوون بە بونیادەکانی خێڵگرایی و مێنتاڵیتیی ئاغاواتی خۆی بیناکردووە. بەڵام لە نزیکەی دوو دەیەی ڕابردووەدا باوەشکی گەورەشی کردووە بە فەندەمێنتالیزمی دینییەدا. ئەوە بچەندوچوونە کە لای من و زۆرینەی ئینسانەکانیش خێڵکی زۆالیەن و هەر شار و شارەچکەیەکی کوردستان و هەر ناوچەیەک وەکو تاکەکەسەکان و گروپی کۆمەاڵیەتیی، ئینسانی پاک، سادە، خاوەن ڕۆحی جوانی هاریکارییەن و مایەی ڕێز و خۆشەویستین نەوەکو هیچ شتێکیتر.

ئاشکرایە، ئەمە یەکەم جار نییە، بە هەژموونی فەندەمێنتالیزمی دینیی یان دەستەپشتدانی حزب-خێڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیی هەمەتەکی فراوان بەرێدەخرێت لە دژی ڕۆشنبیر، چالاکوانی بواری مافەکانی مرۆڤ، چالاکوانی مافەکانی ژنان، ئەدیب و شاعیران تەنها

لەبەرئەوەی تێگەیشتن و جیهانبینی ئەوان بۆ عەقڵی بچووک و داخراوی ئەوان نایاتەوە و بگرە ترسە تا ئاستی فەبیا لە کاریگەریی گوتاری فیکریی و جیهانبینی ئازادانە و یەکسانیخوازانەی ئەوان و لەوشەوە گۆڕانکاریی ڕیشەیی سیاسیی، فیکریی، کۆمەڵایەتیی، کولتوریی و بەهایی لە نێو کۆمەڵگادا. لە ڕاستییدا ئەوەی هەر جارە و بە بیانوویەک و بە پاساوێکی بەناوەڕۆک، هەر سە ئاپۆای کوردایەتیی، فەندەمێنتالیزمی دینیی و خۆبەیانخستووە گوایا وەڵامدانەوە بە سوکایەتیی و بەڕێزی بووە، تەنها لە یەک خانەدا جێگا دەگرێت، ئەویش خانەی تەڕیکی کەستییە. هۆکارەت ئەوەش بۆ ئامانجی زاڵکردنی کەشوهەوای ترس، ترس لە دەربڕینی ئازادانەی بیرکردنەوەکانت، کە ئەمەش جگە لە فاشیزمی ئاپۆایی چیدیکە نییە.

پرسیار ئەوەیە، ئایا ڕەشنبیر ئەگەر ڕەخنەی سیستەمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی نەکات، قسەیەک لەسەر سەلەفیزمی دینیی و ئیسلامی سیاسیی نەکات، ڕەخنەی بونیادە قەبالییەکانی کۆمەڵگای ئێمە نەکات، قسەیەک لەسەر سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا وەکو کایەی ڕازیکردنی ئەو مێنتالیتییە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئایینییە دواکەوتووخوازانەیەی کۆمەڵگای ئێمە نەکات و قسەیەک لە تەوژمێک و چینێکی کۆمەڵایەتیی نەکات، ئەی چی بکات؟ ئایا تەنها سەرقاڵ بێت بە فەلسەفەوە لە ئاستێکی موتەعال و وەکو کێگەی موناقەشەیەکی نەبەاوە لەبارەی بوون و دەرکەوتنەکانی بوون؟ تەنها سەرقاڵ بێت بە فینەمینە و نەمینە؟ تەنها سەرقاڵ بێت بە عەقڵی ڕەها و ئامانجی بوونەوە؟ تەنها سەرقاڵ بێت بەوەی کە هەر شتێک لەنەو خۆیدا هەڵگری دژەکەی خۆیەتیی؟ ...هتد

هۆکارەت وەڵامەکە بۆ زۆرینەمان زانراو و ڕوونە. خواستی ئێم سە ئاپۆایە ئەویە، ڕەشنبیر سەرقاڵ بێت بە موناقەشەیەکی بنەڕەتی کە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی واقعی و ئاستەقینەی تاکەکەسەکان و کۆمەڵگاوە نەبێت و ئەو موناقەشەیە و ڕەشنبیرانیش بوون و نەبوونیان وەکو یەک بێت، هیچ کاتێک هەڵگری هیچ ئەگەرێک، هەرچەندە لاوازیش ، نەبێت بە گۆڕانکاری لە میانەی ئەو گفتوگۆ و دیبەیت و نووسینانەوە هەم لە عەقڵیەتی تاکەکەسەکان و کۆمەڵگادا هەم لە سیستەمی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، کولتوریی و بەهایدا.
ئەگەر لە هەمبەر قسەیەک، لەدوانێک و ڕەخنەیەکی ڕەشنبیر، چالاکوان و ئەدیبان ئێم هەموو هەرشە ئاست نزمانە لە مینبەر، سەشیاڵ مەدیا، مەدیا و تەنانەت ڕێپەوانیش بەدەخرێت لەلایەن ئاپۆای کوردایەتیی، ئاپۆای فەندەمێنتالیزمی دینیی و ئاپۆای خۆ،

هەرجارێ بە بیانووێکەوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی قسە بە تۆڕێک وتراوە و جارێک بە بیانووی ئەوەی قسە بە حزبێک و بە دەمزێک وتراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی سووکایەتی بە مژووەمان و سیمبولەکانمان کراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی قسە بە پێشمەرگە وتراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی کارەکی هونەری جلوبەرگی ژنانەوەی ژنانی تێدا بەکارهێناوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی سەما لە شوێنی گشتییدا کراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی لە پارکی ئازادی کچ و کوڕێک بە ئاشکرا یەکتریان ماچ کردووە لە دەڤەری خۆشەویستیدا و لە بەردەم پەیکەری خۆشەویستیدا، جارێک بە بیانووی ئەوەی لە دراماێکدا باس لە مەلا بە خراپە کراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی لە شانۆیەکدا هەڵەی سوور بەزێنراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی قسە بە شارێک، شارچکەیەک و ناوچەیەک وتراوە ... هتد

ئەی ئەو کاتەی کە مەلایەک قسە بە تەواوی دەکخراوەکانی کەمەڵگای مەدەنی دەڤەت ئەوە بە مەدیا و سۆشیاڵ مەدیاتان لە پێ نەکرد؟! ئەی کە مەلایەک ژنی بە دایناسەڵ شوبهاند، کە لە ئەوە هاتە دەنگ هیچ نەبەت وەکو دەزگرتن لە دایک و خوشک و کچی خۆتان. ئەی کە مەلایەک ووتی زانکۆ هەمووی فەسادیی و بێئەخلاقییە و ئەستەم کچێک لە زانکۆ بە ساغی دەربچێت، کە لە ئەوە نقەی لەوەهات هیچ نەبەت بە داکۆکی کردن لە کچ و خوشکەکانی خۆتان؟! ئەی کە مەلایەک ووتی پەیمانگای هونەرە جوانەکان پڕ لە بەدڕەوشتیی، کە لە ئەوە هاتە دەنگ، بە ئەوەی مەلایەک تەبگەیەنن بەدڕەزیی و سوکایەتی بە دەزگایەکی هونەریی پەروەردەیی دەوا نییە و مافی ئەوەی نییە هەرچی بەت بە خەیاڵیدا لە دەمیەوە هەیەڤڕێت؟! یان کاتێک مەلایەک ووتی لە سەدا ٩٥ ی کەمەڵگای کوردیی کافرە، بە کەس لە ئەوە ناڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڵویستەکتان نەبوو لانیکەم بە داکۆکی و دەزگرتن لە خودی خۆتان و بنەماڵە و کەسوکارتان کە خۆتان بە موسڵمان و دیندار دەزانن؟ ئەی بە ئەو کاتەی مەلایەک ووتی هەر ژنێک بانی خۆش لە خەی بدات و بەواتە دەرەوە لە ماڵ، بەدڕەوشتە و وەکو ئەوەیە زینای کردبەت، بە هەموتان گوێی خۆتان لە خواند و خۆتان لە گەلیی دا، مەگەر دایک، خوشک، کچ و هاوسەرتان بانی خۆش بەکارناهێنەت یان بەکاری نەهێناوە؟!

ئەم هەموو پرسیارانەم هەوبەووی ئاپڕەای کورداێتیی، ئاپڕەای فەندەمێنتالیزمی دینیی و ئاپڕەای خەڵە، بە بانگەشەکاران، نووسەران و شوێنکەوتووانیانەوە.

من وەکو خەم دەخنە بە جۆهەری بیرکردنەوەی ئازادانە و هەڵوەستی

ئازادانەی مرۆڤ تێدەگەم. ڕەخنەی جدیی و قووڵ لە بونیادە جێگیر و نەگۆڕەکانەوە تا دەگات بە پیرۆزیەکانیش بە مافی هەر ئینسانێک دەزانم و ناشبێت لەسەر ئەم مافە و بەکارهێنانی، هیچ کەسێک تووشی هیچ شێوازێکی سزای یاسایی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ببێت. ڕەخنە لە توێژە کۆمەڵایەتییە فراوانکانەوە تا دەگات بە ڕەخنە لە سیستمی سیاسیی و حوکمڕانیی، ڕەخنە لە مێژووی دوور و نزیکی کۆمەڵگای خەمانەوە تا دەگات بە ڕەخنە لە ئاوەڵای ناودەبرێن بە سیمبول و هێماکانی نەتەوەیی و نیشتمانیی و ...هتد. ڕەخنە لە ستراکتوری کۆمەڵایەتیی و کولتوریی کۆمەڵگای ئێمەوە تا دەگات بە ڕەخنە لە کایەی پەروەردە، سێکتەری تەندروستیی و ...هتد واتا لە یەک قسەدا هیچ کەس، دەزگا و توێژی کۆمەڵایەتیی، مێژوو، ئایدیا و باوەڕێک پیرۆز نییە و لە دەرەوەی بگرفتئامێزکردن و ڕەخنەکردن نییە، ئاوەی پیرۆزە ئینسان و ئازادییەکانییەتی، ئاوەی پیرۆزە مافی بیرکردنەوە، قسەکردن، وێژەرپرسیارخستن و ڕەخنەکردنە.
ئەگەر کۆمەڵگای ئێمە بە گوترەی لانیکەمی پەیوەرەکانی کۆمەڵگایەکی تەندروست بهاتایاتەوە، دەبوایە یەکێک لەو دەنگانەی گوێی لێدەگرێت، دەنگی د. فاروق ڕەفیق بوایە. یەکێک لەو عەقڵانەی کە دەبوایە گفتوگۆ بکرایە فاروق ڕەفیقە، نەوەکو چەندین جار تێرێری کەسێتیی بکرێت. دەبایە مەریوان وریا قانع و فاروق ڕەفیق گوێیانلێبگیرایە، نەوەکو سەشیاڵ مەدیا پێ ببوایە لە قیدیەی ئاو هەموو مەلا و بانگخوازانە (هەبێت هەموویان نا، بەڵام بەداخەوە زۆرینەیان) کە جگە لە دژایەتییکردنکی بچەندوچوونی ئازادیی و داماڵینیی ئینسان لە عەقڵ و ئیرادە هیچیتر ناکەن. ئاو لەشاو لە قیدیەی مەلاکان و بانگخوازەکان (دیسانەوە دەڵێم نەوەکو هەموویان، بەڵکو زۆرینەیان، بەتایبەت ئەوانەیان کە لە چوارچێوەی سەلەفیزم و ئیسلامی سیاسییدان) کە لە هەر کونجکی تەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بەئاوبوونەتەوە، هەندکیان بە نەفرەتەوە، هەڵەشە، غەزەب و قەهر و هەرچی هەستە و تەعبیری ئاست نزمە ڕیزی دەکەن و فراوانکردنی سنوری حەرام و قەدەغەکان تا ناکۆتا دەبەن و کردنی ئینسان بە بوونەوەرێکی تاوانبار و قەرزەون کە نەوەکو مرۆڤگەلی دەرەوەی بازنەی دینداریەکەی ئەوان بەڵکو موسڵمانکان و هەندجار مەلا یان بانگخوازەکە خەیشی لێی دەرباز نابێت. پرسیارکی لانیکەمی عەقڵانیی و لۆژیکیی ئاوەیە بەڵاست دەبێت ئاو هەموو هاوار هاوارە دژ بە پیرۆزیی ئینسان و ئازادیەکانی گوێی لێبگیرێت یان سیمینارەکانی فاروق و مەریوان؟! بەڵاست دەبێت ئاو هەموو نەفرەتە کە فەبیایکی ڕووتە لە ژیان، ئازادیی و گەشانکاریی، کە عەقڵ تا دواهەمین سنورەکان پاشکشێی پێکراوە، گوێی لێبگیرێت، یان ڕەشنبیران؟!

...

ئەگەر ئاکار لە کەمپەینگای پیشسازی پشکووتوو بە گورەی ئادرنە، وەها بێت، ئەی ئاکاری ئەتریتەی حزب-خەت، میدیا و میدیاکارانی نزمی حزب-خەت، نووسەر "گوایا سەربەخۆ و نەتەوەیی بێنام لە پشتی پەردە و ژێربژێر ملپیان و ملکەچی حزب-خەت"، ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ "زوناژنی گەعدەی پانێی فیکریی خاڵی لە فیکر و گەعدەی دیداری حەماقەتی سیاسیی و سەماکاری گەعدەی سەرانی مەغروری ناوبژی حزب-خەت" دەبێ چۆن بێت و چی لێوە بەرهەم بێت؟!
ئەی ئاکار لە سایەی مێنتاڵیتی سەڵەفیزمی دینیی و ئیسلامی سیاسییدا ئەبێت چۆن بێت و چی لێوە بەرهەم بێت؟!
ئەی ئاکار لە سایەی خەت و قەبەلیەتی ژێر هەژموونکەوتووی ئایدیەلۆژیای کوردایەتیی و فەندەمێنتاڵیزمی دینیی، ئەبێت چۆن بێت و چی لێوە بەرهەم بێت؟!

...

تەبینی؛ وتارەکە لە ماوەی هەمەتەکی فراوانی نێو سۆشیاڵ میدیا دژ بە فاروق ڕەفیق، سێ ساڵ پێشتر نووسراوە. لە پێیوەند بە مەرگی ئەو توژەرەی فەلسەفەوە دووبارە باوکردنەوەیم بە باش زانی.

ئەحمەد ڕەسوڵ

بنبەستی ئایدەئۆلۆژیا و شکستی یادەوەری: توکاریی عەقڵی سیاسیی "چەپی ئێران" و ڕەگاکانی زگاری.. نووسینی: حەمید کورچی

لە زانستە جیاوازەکاندا، لە بیرکارییەوە تا زانستە مرۆییەکان،

تێگەیشتن لە کێشەکە بە نیوەی چارەسەر دادەنرێت. ئەم بنەما سەرەکییە لە کاتی شیکردنەوەی دیاردە سیاسییە ئاڵۆزەکاندا گرنگییەکی دوو هێندە پەیدا دەکات. لە فەزای فیکریی ئێراندا، "چەپ" وەک بزووتنەوەیەک کە تەمەنی زیاتر لە سەدەیەک، لە ڕووی مێژوویی و بە دادپەروەرییە کۆمەڵایەتی و ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداریی و بەستراوەتەوە. سەرڕای ئەوەش، ئەم بزووتنەوەیە ئەمڕۆ لە ناو دەخەکی بنبەستی فیکری و دەروونیدا دەژی کە دەرئەنجامی ئاوێتەبوونی شکستە مێژوویەکان و پابەندبوونە بە چوارچێوە ئایدەلۆژییە داخراوەکان. ئەم وتارە هەوڵ دەدات ئەم قەیرانە لە ڕێگەی سێ تەوەرەوە هەڵبوشنێتەوە: سروشتی چەمکە سیاسییەکان، دەروونناسیی شکڵ بەکەمەرەکان، و میکانیزمەکانی چوونە دەرەوە بەرەو عەقڵانییەتێکی دیموکراسی.

گەڕینی چەمکەکان بە بتی ئایدەلۆژی

١. سروشتی چەمکە سیاسییەکان

چەمکەکانی وەک "چەپ" و "ڕاست" ڕاستی گەردوونی نین کە بوونێکی سەربەخۆیان هەبێت، بەڵکو ئامرازێکی بژاردەن کە عەقڵی مرۆڤ بە تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەڵایەتی دایتاشیوون. قەیرانەکە لەوەوە دەست پێدەکات کاتێک ئەم "ئامرازە شیکارییانە" دەگەڕێنرێن بە "قالبێکی ئایدەلۆژی" ڕەق. ئایدەلۆژیا هەستێکی ساختە بە ئاسایشی مەعریفی بە تاک دەبەخشێت لە ڕێگەی سادەکردنەوەی جیهان و دابەشکردنی بە دوو جەمسەری توند (چاک/خراپ، شەڕگێڕ/کۆنەپەرست)، ئەمەش توانای بەیاردانی سەربەخۆ و عەقڵانی لاواز دەکات.

٢. ژینگەی کولتووری و خەماڵێکردنی ستەمکاری

چەپی ئێرانی لە بەشایدا دروست نەبووە، بەڵکو لە ژینگەیەکدا ڕووی کەشاوە کە تێربووە لە باوکسالاری و ستەمکاریی نەریتی. ئەم سیاقە بووەتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی شێوازە عەقڵییە کۆنەکان لە ژێر توێژاڵێکی "مۆدێرن"دا؛ سەرکردەکان بوون بە کەسایەتیی کاریزماتیکی پیرۆز، تێرۆکان بوون بە "دەقی پیرۆز"، و جیاوازیی بیروڕاش بوو بە "خیانەت". چەپی ئێرانی ئایدەلۆژیا جیهانییەکانی هەڵمژی، بەڵام بۆپەی "بەرنامەسازی" کولتوورە سیاسییە ناوخۆییەکە دووبارە ڕاڤەی کردنەوە، کە ئەو کولتوورەش فاقیدی نەریتی گفتوگۆ و دامەزراوەییە.

شکی بکەمە و بە میراتگرتنی ئازار

١. یادەوەری وەک بریندکی بوونگرایی

ناسنامەی چەپی ئێرانی لە ڕۆگەی زنجیرەیەک شکۆو داڕا: سەرکوتکردنی حیزبی تووده، شکستی بزووتنەوە چەکدارییەکان، و لە سەدارەدانە گەورەکانی دەیەی هەشتاکان (ساڵانی شەستەکانی کەچیی هەتاوی). ئەم ڕووداوانە تەنها "دەرانی جەنگێک" نەبوون، بەڵکو گیان بە "شکی بەکەمەڵ" (Collective Trauma) کە کارگێڕی کردە سەر ناسنامە، یادەوەری و پەکهاتەی تێگەیشتنی گروپەکە.

٢. میکانیزمەکانی بەرگریی دەروونی و بنبەست

بەپێی تیۆری "شکی هەبژێردراو"ی ڤامیک ڤەکان، گروپە شکخواردووەکان مەیلی ئۆیان هەیە ڕووداوەکانی شکست وەک هەمایەکی سەرکی بە مەینەتییەکانیان بپارێزن. لە دەخی ئێراندا، ئەم بنبەستە شێوازە تێگەیشتنەکی پەککەوتەی بەرهەمهێناوە:

• بینینی جیهان لە ڕۆگەی دوژمن و دەستەوە: لەدەستدانی نەرمی سیاسی لە بەرژەوەندیی ململانێیەکی سفر-سفریدا.

• گیانەوەی بەردەوامی قوربانیبوون: ڕاکردن لە پەداچوونەوەی ڕەخنەیی لە ڕۆگەی پەنابردن بە ستەملێکراویی ئەخلاقی.

• گواستنەوەی شک لە نەوان نەوەکاندا: گواستنەوەی هەستی تووڕەیی و بەمتمانەیی بە نەوەی گەنج، کە ئایدەلەژیا دەگەڕێت بە "یادەوەرییەکی سەزداری" دابڕاو لە واقیعی گیاو.

ڕۆگای چوونە دەرەوە.. بەرەو "دیموکراتی ڕەسەن"

١. دابڕان لە چوارچێوە ئایدەلەژییەکان

یەکەم هەنگاو بە ڕزگاری، هەشیاریی بە ڕۆژییبوونی چەمکەکان. کاتێک تاک تێدەگات کە ئایدەلەژیا بەرهەمێکی مرۆیی و بارودۆخێکی مێژوویی، دەرفەتی "دوورکەوتنەوەی ڕەخنەیی" بە دەڕەخسێت. ئەم چوونە دەرەوەیە زەرجار هەستکردن بە بێشایی و نەبوونی دنیایی لەگەڵدایە، کە ئەمش قۆناغێکی بەرزەخی پێویستە بە دروستبوونی سەربەخۆیی فیکریی ڕاستەقینە.

٢. عەقڵ وەک ئامرازێک بە دووبارە بنیاتنانەوەی جیهانبینی

لە نەبوونی وێڕای ئامادەکراودا، تاک ناچار دەبێت "عەقڵ"ی خۆی وەک میکانیزمێک بە پشکنینی ڕۆگەکان و بەراوردکردنی ڕوانگە جیاوازەکان بەکاربهێنێت. عەقڵ لەرەدا عەقیدە نییە، بەڵکو "پرسیارکە" کە دان بە ئاڵۆزیی جیهان و فرەچەشنییدا دەنێت، و جەخت لەسەر گیان بەدوای ڕاستیدا دەکاتەوە لە ڕۆگەی گفتوگۆ و ئەزموونەوە.

٣. دروستبوونی لێبووردەیی (ئیداری) و دیموکراسی
تێگەیشتن لەوەی کە هیچ چوارچێوەیەکی فیکری ناتوانێت دەورە بە هەموو ئاڵنگارییەکانی جیهان بدات، جۆرەها لێبووردەییە. لێبووردەیی لەرەدا سازشکردن نییە، بەڵکو دانپێدانانە بەوەی کە جیاوازی سروشتێکی مرۆییە. ئەم وەرچەرخانە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی "دیموکراتی ئیسڵام"؛ ئەو تاکەی کە پابەندە بە بەهاکانی عەقڵانییەت و لێبووردەیی، و جەراوجێریی ئاوبەچوونکان وەک هەڕەشە بە سەر ناسنامەکەی نابینێت، بەڵکو وەک مەرجێکی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد دەیناسێت.

لە زیندانی یادەوەرییەوە بەرەو ئاسۆی ئازادی

تێپەڕاندنی بنبەستی فیکریی چەپی ئێرانی تەنها خەباتێکی تیۆری نییە، بەڵکو پێویستییەکی سیاسییە بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی دیموکراسی. گواستنەوە لە "تەکنۆکراتێکی شکستخواردوو" کە لە ژێرزەمینەکانی ئابردووەدا دەژی، بۆ "هاوڵاتییەکی عەقڵانی" کە هووبڵووی ئاڵنگارییەکانی ئێستا دەبێتەوە، تەنها پردە بۆ شکاندنی بازنەی ستەمکاری. دیموکراسی سەرەتا لە ناو عەقڵەوە دەست پێدەکات؛ بە کردنەوەی پەنجەرەکان بۆ باوەڕی شک و گومان، بۆ قبوڵکردنی "ئۆیتر" وەک شەریک لە ئاستیدا، و بۆ گۆڕینی کارەساتەکانی مێژوو لە "کت و زنجیر"ەوە بۆ "وانە" لە پێناو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ.

نووسینی: حەمید کورچی

(قێرانی خود/ قێرانی بوون).. عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

(دیسانەوە بۆ هاوڕێم، محەمەد تەها حوسێن)

لە تێگەیشتنی دەروونناسییەوە بۆ دەروونناسیی بوونگەرایی، لە (سیگمەند فرۆید)ەوە بۆ (ڕۆناڵد داڤید لانگ- 1927-1989)، لە قێرانی خودەوە بۆ قێرانی بوون… دەتوانین بڵێین دەروونناسی و بە تایبەتی دەروونشیکاریی (فرۆید)ی هاوڕێکی بەردەوام بووە، بە

دامەزراندنی مانایەکی جێگیر بۆ خودی مرۆڤ و جیهان، بۆ مانایەش کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لای فرۆید لە کێشان و ملمانێیەکی بەردەوامی نێوان (ئید -ئیگۆ- سوپەرئیگۆ) دەخولایەوە؛ بەڵام بوونگەراکان و بە تایبەتی (ڤ. د. لانگ) ئەو پرۆژەیان نەتکردەوە و نیشانیان دا کە مانا و ناسنامە و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ مەرج نییە هەر تەنها ئەو سێ بنەمایە بەیەوەی بەرەت و بوونی مرۆڤ لەخۆیدا قەتیس بکات؛ (لانگ-وەك یەکێك لە پێشەنگە سەرکێشەکانی نەوتی دژە- دەروونپزیشکی لە ساڵانی شەستەکاندا) جێگیرنەبوونی مانا و ناسنامەی کۆمەڵایەتیی بە قەیرانی بوونەوە بەستەوە؛ بەو مانایە دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی دەبەتە هەی ئەوەی مرۆڤ هەست بە نائارامی و دابڕان لە دەوروبەر بکات؛ ئەوەش بانگەشەیەکی قووڵە بۆ ئەوەی مرۆڤ تەنها لەووی دوالیزمی (عەقڵ/ شەتی) نەخونرتەوە، بەڵکە وەك بوونێکی فرە مانا، وەك بوونێکی پڕ لە ترس و نیگەرانی تەماشا بکرێت؛ وەك شەوێك لە شەوەکانی بوون لە جیهاندا، نەك تەنها وەك مەشکەکی بایەلەژی؛ واتە تێگەیشتن لە مرۆڤ دەبەت لەڕێگای ئەزموونی ژیانەوە بەت، نەك تەنها لەڕێگای توژینەوەی زانستییەوە.
لەرەدا پرسیارە سەرکییەکە ئەوەیە: ئایا دەتوانرێت (نەخشیی دەروونی- شەتی) وەك (قەیرانی بوون) سەیر بکەین؟ یان گرفتی (شەتی) لە قەیرانی بوونەوە هەڵگرینەوە؛ ئایا تێکشکاندنی گەڕانەوە گەورەکان بەرەو جێگیرنەبوونی ماناکانمان دەکەنەوە؟! ئایا شتێك بە ناوی خودی یەکگرتوو هەیە؟!.
قسەکردن لە تیۆری دەروونشیکاریی فرۆیدی بەرەو سێ ئاستی سەرکیی کارکردنی مێشکمان دەکاتەوە: (نەست- اللاوعي، هەست- الوعي، و پێشهەست- قبل الوعي)یە؛ فرۆید پێیوابوو مرۆڤ زیاتر لەوەی هەست بەهەوەی بەرەت، لەایەن نەستەوە بەهەوە دەبرەت؛ بەڵام (ڤ. د. لانگ-پزیشکی دەروونی سکۆتلەندیی) بە هەموو جیاوازییەکانییەوە بەرەو بەرگریکردن لە بوونی ئاستەقینە و بوونی ساختەی (هایدگەر) هەنگاو دەنەت و دووبارە دەپرسە: خود چییە و چۆن لەایەن کۆمەڵگا دەبینرێت، ئایا بوونی ئاستەقینە ئەو بوونەیە کە لەگەڵ کەمەڵگا دەگونجێ؟! لەو بارەشەوە دژی دیدگای فرۆیدی قسە لە نموونەی نەخشی (شیزۆفرینیا) دەکات و پێیوایە شیزۆفرینیا تەنها نەخشییەکی مەشك و شەوانی سێ ئاستە سەرکییەکەی کارکردنی مەشك نییە؛ بەڵکە شیزۆفرینیا دەتوانێت ڕەگایەك بەت بە پاراستنی (خودی ئاستەقینە) لە ژیانەکی پڕ لە دەڵاوکە و ناتەواوییدا… بەو مانایەش بەرگری لە تەزەکەی خەی دەکات و مرۆڤ وەك بوونەکی فەدراوی نەو جیهانەکی نالەژیکی دەبینە و پێیوایە نەخشییە دەروونییەکان تەنها کێشەیەکی پزیشکی نیین، بەڵکە زمانەکی فەلسەفیین کە مرۆڤ لەو ڕەگایانەوە

قسە لەگەڵ بەمانایی، ترس و ئازادی دەکات؛ بەمجۆرە (ە. د. لانگ) لەگەڵ نەخۆشی شیزۆفرینیاوە (دابەشبوونی خود) هاوگۆیەنت.

(قەیرانی بوون/ قەیرانی مانا)

(ژان فرانسوا- لیوتار) لە کتێبی (الوضع ما بعد الحداثي، ترجمة: أحمد حسان)دا باس لە کۆتایی‌کان دەکات و پێیوایە هیچ هاستیی‌کی گشتی و چەسپاو بوونی نییە، چونکە خودی مانا ناجێگیر و پڕتەوازەیە، هیچ دەقێکیش لە ناکۆکیی ناوخۆیی و فرە مانایی بەدەر نییە.

دەروونشیکاریی فرەیدیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لەژێر ململانێی هێزەکی جێگیری ناوخۆییدا دەستنیشان دەکات، نەستی مرۆڤ وەك (شوێن)ی ئارەزووە سەرکوتکراوەکان دەبینێ و گرفتە دەروونییەکان وەك دەرهاویشتەی کێشەی نەوان ئارەزوو و دەسەڵاتی چەسپاو لەکەداتەوە؛ بەڵام (ڕۆناڵد داڤید لانگ) لە کتێبی (الذات المنقسمة: دراسة وجودية في العقل والجنون- ترجمة: عبدالمقصود عبدالكريم) لە دیدگایەکی (مرۆیی- بوونگەرایی)ەوە بەرەو هەڵوەشانگەکەی (لیوتار) دەچێ و (دەسەڵاوکەی بوون) بە وەسفکردنی هەستی ناجێگیری، یان ترس لە ونبوون یان داگیرکردن، دەگەڵتەوە و شوێنی ئارەزووە سەرکوتکراوەکان بە سەرچاوەی گرفتە دەروونییەکان نابینێ، نەك هەر هەندێ، بەڵکە پێیوایە هیچ (ناوەندێك/ شوێنێك) نییە (مانا- عەقڵ) بپارێزێت.

لەنەوان دەروون وەك دەرهاویشتەی سەرکوتکردن و بوون وەك ستراتیژیی پاراستن، یان بە مانایەکی دیکە لەنەوان جێگیربوونی عەقڵ و پڕتبوونی شتێیدا… یەکەمیان (خود، مانا، ئارەزوو) وەك کۆشێیکی دەروونی دەبینێت و دووەمیان (خود، مانا، ئارەزوو) وەك قەیرانی بوون تەماشا دەکات؛ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییانەشەوە: ئایا نەست زمانێك نییە، بە دەربڕینی قەیرانەکانی بوون؟! ئەگەر ئەو پرسیارە لە (ژاك لاکان)ەوە هەڵوەشێوی فرەید بکەینەوە، دەڵێین: ئایا ناخی مرۆڤ لە غەریزە بایەلۆژییەکان پێکهاتووە، یان ئەلفوبێیەکی هەمایی ڕەکخراوە؟! هەبەتە فرەیدییەکان گرنگییان بە هەوداوە هاستەقینەکانی مندانی دەدەن، بەڵام لاکان گرنگی بە "دال" (وشەکان) دەدات.

ئەگەر پەمانوابە کە زمان لە نەست هسکاوە! کەواتە (خود، مانا، ئارەزوو) دروستکراوی گوتراوە جیاوازەکان و قەیرانەکانی زمانە… لەردا مرۆڤ لەنەوان پێیوەندییە ئاڵۆزەکانی نەستی زمان و قەیرانی گوتراوە جیاوازەکاندا، لەنەوان مانا بەکۆتاییەکان و گەڕان و سەیرورەی بەردەوامیدا، دەتوانێت نەستی زمان وەك (دەخ)ێکی

داهێنەرانە ببینێت کە مرۆڤ تێیدا هەوڵی نوێ بۆ مانای بەردەوام و گۆڕانکاری بەردەوام دەدات، بەدیوێکی دیکەش تیۆرییەکی فیکری بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ لە ناو جیهانی زمان و قەیرانەکانی بووندا گۆڕاوە دەکات؛ بەو مانایەش بەردەوام نیست لە شوێنەوە بۆ دەخێکی گۆڕاو دەچێت.

(خودی شکاو)

(خودی دابەشبوو: لێکۆڵینەوەیەکی بوونگەرایی لە عەقڵ و شێتی) ناوی کتێبێکی (ڕ. د. لانگ)ە؛ لە لێکدانەوەی ئەو کتێبەدا خود تەنها واتایەکی دەروونناسی سادەی نییە، بەڵکە ناوەندی ئەزموونی بوونی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤە بە جیهانەوە! لێرەدا (من هەم) بە شێوەیەکی (ئاستەقینە) دەتوانێ پەیوەندیی ئاستەقینەی (خۆزانی، کەمایەتی) دروست بکاتەوە، بە ماسك و دەستکردی کەمایەتی بژیت؛ بەڵام کاتێك خودی ئاستەقینە لەژێر هەر پەردەیەك دەشاردرێتەوە، ئەو خودی ساختە (ماسککراو) دەردەکەوێت؛ خودی ساختە: هەڵگری هێستکی نامۆ و دابڕاو و پڕ لە ترس و نیگەرانییە، هەموو ئەو هەستانەش وەك خەپارەزی بەرز دەکاتەوە! واتە هەموو ئەو هەستانە هەوەدانە بە پاراستنی خودی ئاستەقینە… خودی ئاستەقینە (ژیانی ئاستەقینە)، یەك پارچەیە؛ خودی ساختە (خودی دابەشبوو)، ئەو خودەیە کە دابڕاوە و سنوورەکانی بوونی شکاون، یان ڕووکەش (ماسکەکە) کە مرۆڤ بە گونجان لەگەڵ کەمەگادا دەیگەیەنێت؛ کەواتە مرۆڤ بوونێکی هەستیار و پەیوەندیدارە، کە ئەگەر (ئاسایی بوونی) لەدەست بدات، خودی دابەش دەبێت، بەو مانایەش (شێتی) وەك هەوڵێکی مانادار بۆ پاراستنی خود دەردەکەوێت.

لێرەدا دەمەوێ چەمکی خودی ئاستەقینە و خودی ساختە بە خودی جێگیر و خودی گۆڕاو تەرجەمە بکەم و لەوەشەوە هەوڵدەدەم لێکدانەوەیەکی (زمانی- بوونگەرایی) بە دەخی گۆڕاوی (نەستی زمان) دابمەزرێنم، بەو مانایەش ئاسایی بوونی زمان ئەوەیە کە مرۆڤ هەست بە سەقامگیریی بوونی خۆی ناکات، بەڵێ مرۆڤ هەمیشە لەنەو زماندا لە دەخی: ونبوون، داگیرکردن، شێزۆیێدا دەژیت؛ لەو کاتەشدا کە زمان ناتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی جێگیر بێت، لەبەرانبەردا بوونی گۆڕاو دەبێتە ئەو خودەی کە بەردەوام دەگۆڕێت و پەیوەندیی نوێ دروست دەکاتەوە و هیچ ناوەندێکی جێگیر شك نابات! لەو بیرەکە (سارتەر)ییەدا، بوون پێش ماهیەت دەکەوێت (واتە مرۆڤ سەرەتا هەیە، پاشان دەبێتە خاوەنی خود).

لێرەوە خودی گۆڕاو (عاقڵ) هەڵگری هیچ مانایەکی پێشوو نییە، بەڵکە لە کردارەکانیدا (لە داهێنانەکانیدا) (شێتی) دروست دەکاتەوە؛ ئەو

بیرکە (سارتەریيە- لانگيیە) لە نائاسایی بوونداية، لە ونبوونی سنوور و شکاندنی يەکگرتوویی خودوەيە! لانگ- بە شێوەيەکی سارتەريانە لەو کتێبەدا پێيوايە مرۆڤ هيچ پلانێکی پێشووی نييە، بەڵکە سەرەتا دەچێتە نێو جيهان (بوون) و پاشان لەڕێگای کردارەکانی (داهێنانەکانی) خۆی ماهيەتی خۆی بونياد دەنێتەوە؛ لەو بيرکەيەدا مرۆڤ بە ئازادی مەحکومە و بەرانبەر هەموو هەڵبژاردنەکانی خۆی بەرپرسيارە... لێرەدا پرسی ئايا ماهيەت جێگيرە، جێختکردنەوەيە لە چەسپاندنی عەقڵ؟! بەيە لە پرسيارەکە زياتر ناڕەين، ئێگەر ڕەفتاری ئەو بەناو عاقڵانە لەبەرچاو بگرين، کە شێوە و ململانێ هەڵدەگيرسێنن و بەرستی و پەتای کوشندە لە دەستی ئەواندا گۆشە دەکەن، ڕەنگە سەرلەشواويمان بەرانبەر بەو پرسيارە (سارتەری-لانگی) يە زياتر نەبێت و پەداگری لە عەقڵ چيية؟ شتێی چيية؟ زياتر نەکەين و کەمەکەك لەو پرسە دوور کەوينەوە، لەوەو هەوەدەم تەواوی خوێندنەوەکەم لەبارەی (دابەشبوونی خود) و (زمانی بوونگەرايی) بە ترسی مانا و قەيرانی مانا و چەمکی جێگيرنەبوون درێژ بکەمەوە، هەتا بتوانم بە جارێکی دیکە (خود، مانا، ئارەزوو) لە (بوون بە) دابەڕژمەوە.

کەواتە خودی ڕاستەقينە (خودی جێگير) پاراستنی بوون دەگەيەنێت و خودی ساختە (خودی گەڕاو) بەردەوامی بوون و (ناجێگيربوونی خود) نمايان دەکات؛ بەمجۆرە هەردووکيان بە دوو شێوەی جياواز، نائاسايی (بوون)يان هەڵگرتووە، بە مانايەکی ڕوونتر مرۆڤ بە هەردوو ڕووی (عاقڵ و شێتی) گوزارشت لە بوون دەکات: ڕووی يەکەميان بە داخستنی (بوون) و ئاوێدێکەيان بە کرانەوەی (بوون)، يەکەميان بە داخستنی (مانای چەسپاو) و ئاوێدێکەيان بە کرانەوەی (خەيانی زمان) بەو مانايەش تێکچوونی يەکگرتووی خودی ڕاستەقينە بە خودی ساختە، يان (بوونی يەکگرتوو) لە زماندا دەتوانێت دەخی گەڕاوی ژيان (سەيرور- بوون بە) نيشان بداتەوە.

لە کۆتايیدا (خودی دابەشبوو) دەتوانێت وەك دەقەکی سەرکی لە تێگەيشتن لە (عاقڵ و شێتی) بوونی يەکگرتوو لەڕێگای قەيرانەوە بخوێنێتەوە، بەو مانايەش مرۆڤ شتێکی دياريکراو نييە، عاقڵ و شێتە، بەردەوام لەنێوان جێگيربوون و پەويستی گەڕاندا دەژی! بەڵام کاتێك ئەم دوو شێوە (نائاسايیەی بوون) بەيەکەوە وەك بوونەکی يەکگرتوو هەڵناکەن، قەيران دروست دەبێت.

کەواتە (خود، مانا، ئارەزوو) نە شتێکی سەقامگيرە و نە گەڕاو، بەڵکە (ئەزموونی ژيان) مەيدانی شەڕ و ئاڵوگۆزی نێوان ئەم دووانەی لەخۆ گرتووە؛ هەميشە (ئەزموونی ژيان) دەيەوێت خۆی وەك شتێکی سەقامگير پيشان بدات، بە ئاوەی لە (ئازادیی ترسناك) هەڵگەڕێتەوە؛

چونکە مرۆڤ خاوەنی تەواوی خۆی نییە، بەڵکە ئەنجامی گوتار و دەستاتە و هەمیشە خۆی لە ناو تەڵکی واتای زمانیی و دەستاتدا دەبینتەوە؛ دەرئەنجامی (تە خت) دروست ناکەیت، بەڵکە زمان دروستت دەکات، هاستەوخۆ ڕەخنەیە لە بیرکەکانی سارتەر و لانگ؛ بەڵام بوونگەراکان باوەڕیان بە خود لەق نابە، وەك چۆن لانگ باوەڕی بە خودی دابەشبوو هەیە و ئەو دابەشبوونە وەك شکستی نەو جیهانەکی نالەژیکی دەبینە، نەك وەك بەرهەمی گوتار و شکستی سیستەمی واتاسازی…
هەبەتە قەیرانەکانی خود، مانا، ئارەزوو، وەك لانگ و بوونگەراکان تەیگەیشتوون، قەیرانی بەرپرسیاری ئازادی نییە… بەڵکە قەیرانی نەبوونی بنەمایە؛ چونکە مرۆڤ نەك هەر نازانێت چییە، بەڵکە نازانێت ئایا دەتوانێت هەرگیز بزانێت یان نا… بەو مانایەش مرۆڤ بوونەکی ئازاد و خەدروستکار نییە، بەڵکە مرۆڤ لە قەیرانەکی قووڵتردا دەژی، ئەویش قەیرانی زمان و قەیرانی مرۆڤایەتییە، چونکە ناتوانێت بە تەواوی خاوەنی مانا بێت؛ مرۆڤ بوونەوەرەکی ناتەواوە!
بەمجۆرە دابەشبوونی (خود، مانا، ئارەزوو) تەنها قەیرانی ئەزموونی ژیان نییە، تەنها قەیرانی زمان نییە، بەڵکە ئەنجامی جیهانەکە کە مرۆڤ تێیدا شکاوە و گومان لە خودی خۆی و لە ئازادیش دەکات… پرسیارەکە ئەوە نییە، مرۆڤ کێیە، زمان چییە؟ پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا (مرۆڤ- زمان) هەشتا دەتوانێت هەبێت؟! هەرگیز ئەو پرسیارە، پرسی دەخی زمانی داهێنرانەی لەخۆ نەگرتووە، تەنها دەخەکی گەڕاو نییە، بەڵکە دەخی سەرکیی مرۆڤی ونبووە…
هەبەتە (ڕەنالد داڤید لانگ) وەك یەکێك لە پشتنگەکانی ڕەوتی دژە-دەروونپزیشکی، هەوڵیداوە سنوورە باوەکانی نێوان ئاسایی و نائاسایی لە سنورەکانی قەیرانی خود و قەیرانی بوون، قەیرانی زمان و قەیرانی ئازادی، نزیك بکاتەوە؛ هەر کاتێك ئەم سنورانە ناسەقامگیر دەبن، مرۆڤ دەچێتە دەخەکی نەوانی، کە تێیدا: هەم دەتوانێت مانای نوێ بدەزێتەوە و هەم دەتوانێت بە تەواوی لە ناو بەمانایێدا ون بێت، هەم دەتوانێت عەقڵ بێت و هەم شێت.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵا
هەولێر 4/4/2026

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی – سینەما بەرگی یەکەم.. کارزان عەزیز

ئاوێنەی نیل لە شۆڕشی کوردستاندا.

ووتکردنەوەی ناونیشان

مەبەست لە "ئاوێنەی نیل" ئەوەیە کە هەمانی سینەما، کە لە کنارەکانی ڕووباری نیلەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک ئاوێنەیەک وایە. کاتێک سەیری ڕووداوەکانی ٣٠٠٠ ساڵ پێش ئێستای میسر دەکەین، لە ڕاستیدا سەیری ڕوخساری مرۆڤایەتی دەکەین لە هەموو سەردەمەکاندا. ئاوێنەکە پەمان دەڵێت کە سروشتی مرۆڤ (تینوێتی بۆ دەسەڵات، ترس لە گۆڕانکاری، و ململانێی ئایدیۆلۆژی) نەگۆڕە.
لە ڕووی سیاسییەوە: وەک چۆن لە میسردا ململانێی "پەرستگای ئامۆن" و "شۆڕشی ئەتۆن" هەبوو، لە شۆڕشەکانی ئەمڕۆشدا ململانێی نێوان سیستەمی کلاسیک و بیرکەی نوێخوازی بەردەوامە.
لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە: ئەو جیاوازییە چینایەتییەی سینەما لە میسر دەیبینی، ئێستا لە گەڕەکەکان و بازاڕەکانی کوردستاندا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت.

ئاوێنەی نیل لە شۆڕشەکانی کوردستاندا.
بەرگی یەکەمی هەمانی سینەما، کە لەلایەن مایکل واڵتاری نووسراوە، تەنها گۆڕانەوەی ژیانی پزیشکێک نییە، بەڵکو گێشتکی قووڵە بە ناو ناخی مرۆڤ و هەڵکشان و دابەزینی شارستانییەتەکان. ئەم بەرگە بناغەی هەموو ئەو ڕووداوانە دادەڕێژێت کە دواتر سینەما و میسر دەگۆڕن.

لێرەدا خوێندنەوەیەکی گشتی بە ناوەرۆک و تەوەندەکانی بەرگی یەکەم دەخەینە ڕوو:
١. سەرەتا و نامۆیی (منداڵی ناو سەبەتەکە)
چیرۆکەکە بە دەزگیرانەوەی سینەما لە ناو سەبەتەیەکدا لەسەر ڕووباری نیل دەست پێدەکات. ئەم سەرەتایە ئاماژەیەکی تەمزییە بە "نامۆیی"؛ سینەما لە بنەڕەتەوە نازانێت کێیە و خەڵکی کوێیە. ئەم نادیارییەی تەچەکێک، وای لەدەکات لە تەواوی ژیانیدا وەک "چاودێرێک" بمێنێتەوە نەک وەک کەسێکی سەر بە چینێکی دیاریکراو.

٢. فەربوون و نادادی کۆمەڵایەتی
سینەما لە لای باوکی (سەنمەت) فێری پزیشکی دەبێت. لەم بەرگەدا، ئەم جیاوازییە چینایەتییە تەقنەرکانی میسر دەبینین. سینەما دەچێتە "ماڵی مردووان" بە فەربوونی توکاری، لەوە تەدگات کە تەنانەت لە مردنیشدا مرۆڤکان یەکسان نین؛ دەوڵەمەندکان بە باشترین شێوە مۆمیا دەکرێن و هەژارکان فڕێ دەدرێنە ناو نیل. ئەم ئەزموونانە یەکەمین چەخماخەی گومان و پرسیار لە ویژدانی سینەما دروست دەکەن.
٣. ئاشنایەتی لەگەڵ دەسەڵات (هەرەم هەب و ئەخناتەن)
لەم بەرگەدا سینەما لەگەڵ دوو کارەکتەری سەرەکی ئاشنا دەبێت کە دواتر مۆژووی میسر دەگۆڕن:
هەرەم هەب: سەربازێکی تینووی دەسەڵات و ناوبانگ، کە نوێنەرایەتی "هێزی شمشێر" دەکات.
ئەمینەفیسی چوارەم (ئەخناتەن): شازادەیەک کە دواتر دەبێتە فیرعەون و دەیەوێت ئایینی یەکتاپەرستی (ئەتەن) بسەپێنێت، کە نوێنەرایەتی "خەیاڵ و ئایدیاڵیزما" دەکات. سینەما لە نێوان عەقڵی ساردی هەرەم هەب و خەونە مەحاڵەکانی ئەخناتەندا دەمێنێتەوە.
٤. کۆتنی گۆڕ: تەڵەی "نەفەر نەفەر نەفەر"
یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین بەشەکانی بەرگی یەکەم، پێوەندی سینەمایی لەگەڵ ژنە جوانی فەبباز "نەفەر نەفەر نەفەر". ئەم ئافرەتە دەبێتە هەی ئەوەی سینەما هەموو سەروەت و سامانی باوکی و تەنانەت گیانی دایک و باوکیشی بفرۆشێت و لە کۆتاییدا هیچی بە نەمێنێتەوە.
پیامی ئەم بەشە: نیشاندانی لاوازیی مرۆڤ لە بەردەم ئارەزووکانیدا. سینەما لێرەدا هەموو شتێک لەدەست دەدات و دەگاتە "سفر"، ئەمەش دەبێتە هەی ئەوەی لە میسر هەبێت و گشتە گۆڕکانی بە جیهان دەست پێ بکات.
٥. کارەکتەری "کاپتا": چاوی ئاستی
کاپتا، کە کێڵەی سینەمایی بەنام لە ئاستیدا هاوڕێ و ئاوێزکاریەتی، یەکێکە لە جوانترین کارەکتەرکان. ئەو نوێنەرایەتی "عەقڵی پراکتیکی" و "بەرژەوەندی" دەکات. کاپتا هەمیشە سینەما لە خەیاڵە فەلسەفییەکانی دەهێنێتە خوارەوە بە ناو واقیع.

خاڵە فەلسەفییەکانی بەرگی یەکەم:
مرۆڤ ناگەیت: نووسەر لەم بەرگەوە دەست پەدەکات بە چەسپاندنی ئەو بیرکەیەی کە سروشتی مرۆڤ (چاوچنۆکی، خۆشەویستی، جەنگ، دەسەاتخوازی) لە هەموو سەردەمکاندا وەک یەکە.

بەهودەیی ژیان: سینەما لەم بارگادا دەگاتە ئاو بەوایەی کە هاوەدانی مرۆڤ بە گەینی جیهان زەرجار بە شکست کۆتایی دێت، وەک چۆن خۆنەکانی ئۆخناتۆن دەبنە هەی وەرانی.
پزیشکی وەک ناردن: سینەما دەبینێت کە زانست (پزیشکی) زەرجار لە خزمەت دەستاتدایە نەک خەڵک، ئەمەش دەبێتە کێشەیکی ویژدانی گەورە بۆی.

جیاوازی نێوان کۆسایەتییەکی سیاسی و چەقکێشکی سیاسی.. شوان عەباس بەدری

دوو قسەی باوی تەنزئاسا لەبارەی هونەری دیبلۆماسییەوە هەیە کە یەکەمیان بریتییە لە؛ دیبلۆماسییەت واتە هونەری پاککردنەوەی مێزێک لە پستەکەی بەبە ئاوەی مەیموونەکە بۆزار بکەیت.
دووەم قسەش بەم جۆرە ڕاڤەی هونەری دیبلۆماسییەت دەکات؛ هونەری دیبلۆماسی واتە بە شێوازە زمانێک بدوێت بە بەرامبەرەکەت بڵێیت بەنەفرەت بیت ئەی دۆزەخی کە بەرامبەرەکەت بە هەیشتنە ناو دۆزەخەوە بکوێتە هەڵەکە سەما.
لەم سەردانەی شا چارڵزی سێیەم پاشای بریتانیا بۆ ئەمریکا و گفتوگۆکانی لەگەڵ دۆناڵدترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بۆتەواوی هونەری دیبلۆماسییەتی پاشای بریتانیا و لەقاڵبدانی سەرۆکی ئەمریکا و کەمکردنەوە لە پلەگەی ئەمریکا وەک زلهێزێک و وەبیرهێنانەوەی ئاستی و ڕووداوە مێژوویییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە هەستی پێکرا بۆتایبەتیش لە کاتی وەبیرهێنانەوەی سووتاندنی کۆشکی سپی لەلایەن سوپای بریتانیا لە ساڵی 1814 و هەروەها لەبارەی قسەکەی ترەمپ کە وتبووی؛ گەر ئەمریکا نەبوایە ئەوا ئەوروپا بە زمانی ئەڵمانی قسەیان دەکرد، پاشای بریتانیا بە زمانێکی تەنز و لەناودەی واشنتنەوە لەبەردەمی سەرۆکی ئەمریکا و دەیان میوان و ملیۆنها بینەری تەلەفزیۆنی وتی؛ گەر بریتانیا نەبوایە ئەوا ئەمریکییەکان بە زمانی فەرەنسی قسەیان دەکرد.
ئەوەش وەک ئاماژەیەک بە جۆنگەکانی نێوان ئیمپراتۆرییەتی

بەریتانیا و فەرەنسا لە ساڵەکانی 1812 تاوەکوو 1814 و هەرشەکانی سوپای ئەمریکا بۆ سەر کەنەدا لەو ساڵانەدا کە لەدوای شکست پەهەنانی ناپلیۆن و سەرکەوتنی بەریتانییەکان بەسەر فەرەنسییەکاندا لە وڵاتەکەی هەرشەکەی ئەمریکا و سووتاندنی پەرلەمانی کەنەدا بۆ هەزەکی بەشوومارەوە هەرشیان کردە سەر ئەمریکا بەجۆرێک کە جیمس مادیسۆن و لەپرسراوە سەربازی و حکوومییەکانی ئەمریکا ڕایانکرد و لە شارۆچکەیەکی بچووک بە ناوی بروکفیل لە ئایالەتی ماریلاند خۆیان شاردەوە.
بە کورتی و بە کوردی پاشای بەریتانیا بە زمانەکی دیبلۆماسی تەکنۆ بە تەنزەکی سیاسی بەتام لە هەمان کاتدا قووڵ غرور و لەمپەنییەت و چەقەکێشیی سیاسییەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرکی ئەمریکای لەبارەی جیهان و بە تایبەتیش کەنەدا و ئێرانەوە لە پەنجەرەی کێشکی سپی سەمبولی دەسەڵات و زلهێزی ئەمریکا بەسەر جیهانەوە فەدایە دەڕوە و تاوێک بە ئارامی لەبەر چاوی هەموانەوە مەزەکەی دەستی لەناو کێشکی سپی پاککردەوە بە بە ئاوەی مەیموونەکەی بەرامبەری بەزاربکات و تاوێکیش بە زمانی تەنزەوە بە سەرکی ئەمریکای ووت ; بە نەفرەت بیت بچڕە دەزخەوەو سەرکی ئەمریکاش تەنها بە زەردخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە و لە دەوە کەوتە هەڵکەسەما !
لە کۆتاییشدا شا چارەزی سێیەم پاشای بەریتانیا لە پەیامەکی شاراوە و ناراستەوخۆدا پێی وتین؛ جیاوازی نێوان کەسایەتییەکی سیاسی بە هزر و خوێندنەوەی قووڵ و دیبلۆماسییەتی ناو کێشکی پاشایەتی وڵاتەکەی و لەدوانی پەپۆلیستی و لەمپەنی و چەقەکێشی سیاسی کە دۆناڵد ترەمپ سەرکی ئەمریکا و ئیدارەکەی لە کێشکی سپی نوێنەرایەتی دەکەن چییە و بۆچی جیهان بەرەو ئەم ئاقارە مەترسیدارە تاریکە ڕەیشتووە!

کوردستان لە چنگی «ئال بارزان» و «ئال تاڵەبانی»دا.. هەمن

عەلی

سەدان ساڵ گەلی کورد خەبات دەکات و قوربانی دەدات. لەم پەناوەدا هەوبارێک خوێن ژاوە، شارەکان وێران بوون، و هەزاران کەسی ئەم نیشتمانە گیانی خۆیان بەخت کردووە بۆ ئاوەی کورد ببێتە خاوەنی قەوارەیەکی نەتەوەیی، کەرامەتەکی پارێزراو و سیستمێکی حوکمڕانی کە تێیدا هاوڵاتیان هەست بە یەکسانی و ئازادی بکەن. بەڵام کاتێک ئەمڕۆ سەیری واقیعی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەین، دەبینین ئاو ئاراستەیەکە بە تەواوی لایداوە؛ لەبری بونیادنانی نیشتمانێکی یەکگرتوو و دیموکراسی بە هەموان، خەونەکە وەرچەرخاوە بە دابەشکردنی وڵات و دروستکردنی دوو میرنشین بە دوو بنەماڵە بە ناوەکانی "ئاڵ بارزان" لە هەولێر و بادینان، و "ئاڵ تاڵەبانی" لە سلێمانی و گەرمیان.

قوربانییەکانی گەل لە خزمەت بەرژەوەندیی دوو خێزاندا
ئاوەی زەرترین ئازار بە ویژدانی تاکی کورد دەگەیەنێت ئاو ئاستییە تاڵییە کە؛ گەلی کورد خۆی بە کوشت نەدا بە ئاوەی دوو خێزان ببنە خاوەنی هەموو شتێک. ئەم میللەتە قوربانی گەورەی دا:

زیاتر لە هەشتا و هەشت هەزار کەس لە پرسەکانی ئەنفالدا زیندەبەچاڵ کران.
خەڵکی سقیل لە هەڵەبجە، شێخ وەسانان، باڵیسان و سەدان شوێنی تر کیمیاباران کران و بە گاز خنکێنران.

زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد گوندی ئەم نیشتمانە خاپوور کران و سووتێنران.

ئەم هەموو کەمپەکۆژی و وێرانکارییە، ئەم خەباتی پێشمەرگە و فرمێسکی دایکی شەهیدانە، بە ئاوە نەبوو کە لە کۆتاییدا نیشتمان لێت بکرێت و سیستەمێکی پشتاوپشت دروست بێت، کە تێیدا سەرجەم پێستە باڵاکانی وڵات، جومگە ئابووریەکان و دەزگا ئەمنییەکان، تەنها لە نێوان کوڕان و برازاکانی ئەم دوو بنەماڵەیەدا دابەش بکرێت. گەل بە ئازادی و خزگاری لە ستەم جەنگا، بەڵام بەرهەمەکەی بوو بە قەرخکاریی دەسەڵات لەلایەن کەمینەیەکی خێزانییەوە.

مەدەلی کێشداو لە چیاکانی کوردستان: دوو میرنشین لە یەک نیشتماندا
هەنگاوەکانی سەرکردایەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، بە ڕوونی

ئاماژەن بۆ ویستی کۆپیکردنی مۆدێلی وەاتانی کۆنداو (وەک ئال سەعوود یان ئال ناهیان)، بەڵام بۆ شێوازێکی دوو ئیدارەیی. ئەم مۆدێلە لەسەر دوو پایەی سەرەکی وەستاوە:

دەستبەسەرداگرتنی ئابووری: نەوتی کوردستان، خاکە سنووریەکانی وەک ئیبراهیم خەلیل و باشماخ، و داهاتی ناوخۆی هەردوو زۆنەکە، لەبری ئەوەی ببنە ژێرخانێک بۆ ئاوەدانیی وەات و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران، کرانە سەرچاوەی دارایی بۆ بەهێزکردنی بنکەی خێزانەکان و کەینی دەسەزیی خۆیک. لەم سیستەمدا، هاوەاتی لە خاوەن مافوە کراوەتە "ڕەعیەت" و "موچەخۆر"ێک کە چارەنووسی بەستراوەتەوە بە ڕەزامەندیی ئاغاکانی زەرد و سەوزەوە.

هەزی چەکداریی تایبەت: هاوشێوەی میرنشینەکان کە سوپا بۆ پاراستنی تەختی پاشایە، لە کوردستاندا ڕەگەریی تەواو کراوە لە دروستبوونی هەزێکی نیشتمانیی یەکگرتوو. دابەشبوونی هەزەکانی پێشمەرگە بۆ یەکەکانی ٧٠ و ٨٠، و دەزگاکانی ئاسایش و دژەتیرۆر، سەلەنتەری ئەوەن کە ئەم هەزانە ڕاستەوخۆ بۆ فەرمانی کۆمەکانی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی دەجووڵێن، نەک بۆ فەرمانی دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەت.

لەکارخستنی دامەزراوەکان بۆ مانەوەی "سوڵتانەکان".

بۆ ئەوەی خەونی "ئال بارزان" و "ئال تاڵەبانی" ببێتە واقیع و جێگیر بێت، هەردوو بنەماڵە ڕکەکەوتوون لەسەر ئەوەی کە کەتایی بۆ هەر جۆرە دامەزراوەیەک بهێنرێت کە لەپرسینەوە دەکات. پەرلەمانی کوردستان زۆرجار پەکخرا یان بەبەها کرا کاتێک لە بڕژەوەندی بنەماڵەکاندا نەبوو، دەسەاتی دادوەری سەربەخۆیی خۆی لەدەستدا، و مەدیا کرایە ئامرازێک تەنها بۆ ململانێی حزبی و ستایشی نەوەکانی هەردوو بنەماڵە. کاتێک دامەزراوە نیشتمانییەکان دەمرن، تەنها یەک شت دەمێنێتەوە کە بڕیار لە چارەنووسی ملیۆنان کەس بدات، ئەویش ڕکەکەوتنی نێوان "دیوەخانی بنەماڵەکانێ".


ئایا ئەمە ئەو کوردستانەیە کە بۆی جەنگرا؟

لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکدا ئەوەندە نادادپەروەری نییە کە خۆنی سەدان هەزار شەهید و ئەنفالکراو، وە خاپووربوونی هەزاران گوند، بکرێتە قوربانی بۆ ئەوەی ناونیشانی خێزانی وەک "ئال بارزان" و "ئال تاڵەبانی" لەسەر نەخشەی ڕۆژهەاتی ناوەاستدا جێگەی خۆیان

بکەنەوە. خۆنی کورد دەوڵەتکی مەدەرن، دیموکراسی و یەکگرتوو بوو کە تێیدا کوێی هەژارێک و کوێی سەرکردەیەک هەمان مافیان هەبێت. ڕەنگە لە ئێستادا بە هەزی پارە، چەک و پێوەندیە هەرمایەتییەکان ئەم دوو میرنشینە دی فاکتەیە خێیان سەپاندبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە ئەو ئامانجە نییە کە کورد سەدەیەک بێ جەنگاوە، و هەرگیزیش ناتوانن شەرعییەتی ڕاستقینە لە دڵی گەلکی ماندوو لە ستەم و دابەشبووندا بەدەست بهێنن.

پرۆژەیەکی نوێی گەلاڕی ئارام بۆ بەشداری د. ئازاد حەمە

١- ئەدەب بە فەلسەفە دەورەت؟
٢- ئەدەب قەرزاری فەلسەفە نییە؟



دەنگێک دەوستێت: فاروق ڕەفیق و ناڕەحەتیی بیرکردنەوە.. ئەیوب ئەحمەد قادر

هەندێک تاک شوێنەوار بەجێدەهێڵن، هەندێکی تر پرسیار. فاروق ڕەفیق لەو کەسانە بوو کە هەردووکیان بەجێهێشت. مردنی ناگەهانی لە ٢٨ی نیسانی ٢٠٢٦ لە هەولێر بەهای جەلتەی دەوڵەتی کە کتابی بە ژیانی هێنا، بەڵام بیرکردنەوەیەکی بکەتایی جێهێشت. بە کەمەگەی کوردی کە لەم قۆناغەدا پێویستی بە دەنگی ڕەخنەگر و هۆشیار هەیە، ئەم لەدەستدانە تەنها کەتایی ژیانێک نییە، بەکو بەدەنگبوونی ویژدانی ووناکبیریە.

لە ساڵی ١٩٥٩دا لە سلێمانی لەدایک بووە. لەگەڵ ژیانی زووسنووربڕکانی کوردستانی تێپەڕاند و لە کۆنەوە خوێندنی فەلسەفەی تەواو کرد و پلەی دکتۆرای بەدەست هێنا. بەڕام وەک زانایەکی دوورەپەری نەماوەو گەڕایەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، نەک بۆ خۆپاراستن و ژیانی تایبەتی، بەڵکو بۆ بۆشداریپێکی چالاک لە گفتوگۆ، بیرکردنەوە و ژیاندا

هاوڕێ فەلسەفەی لە سنووری هەڕەمی زانکۆدا زیندانی نەکرد، بەڵکو هەوڵێک بوون بۆ دەرکردنی فەلسەفە لە چوارچێوەیێکی تەنگ و هەڵەنانی بۆ ناو ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان. کتێبەکانی وەک فەلسەفە و ژیان و هونەری فەلسەفە، و وەستانێک لە گێشتکێی فەلسەفی و "ئاشتیکردنەوەی عەقڵ و خۆشەویستی" لە دیدی ئەوەوە، فەلسەفە سیستەمێکی داخراو نەبوو، بەڵکو پرسیێکی کراوە بوو ئامرازێک بۆ ئاراستەکردنی پرسیار لەسەر جیهان و خەمان.

کاریگەریی هاڕێ تەنها لە ناو نووسینەکانیدا نەبوو. وەک سەرنووسەری گەڵاری (ئاوێز) و هاوبەشدار لە دامەزراندنی (هەڤەند) فەزایێکی تایبەتی بۆ گفتوگۆی بیرکان دروستکرد، کە تێیدا بیروڕاکان تەنها نێدگوتران، بەڵکو دەچوونە ناو کردار و دەخرانە ژێر ڕەخنەی ڕەسەن. ئەم فەزایانە لە ناوچەیەکدا کە زەرجار پێ لە ئاڵۆزیی سیاسی، بوون بە نموونەیەکی کەمونێنەی گفتوگۆ و نوگەری.

هاڕێ باوەڕێکی قووڵی بە ناڕەحەتیی بیرکردنەوە هەبوو. بۆی وابوو فەلسەفە نابێت ئارامبەخش بێت، بەڵکو پێویستە هەژان و تەکچوون دروست بکات. وتە ناسراوەکەی، مردن دژایەتی ژیان نییە، بەڵکو کاتێکی دزێنەوەیە ، تەنها بە ڕەگەی مردنەوە دەتوانرێت ژیان بە باشی تێبگەیەن. ئەستا وەک دەنگدانەوەیێکی بەهێز وایە کە بانگەوازمان دەکات بۆ وەستان و دووبارە بیرکردنەوە. لە مردنی خەیدا، ئەم وتەیە واتایێکی قووڵتر و تاڵتر وەردەگرێت.

بەگومان،هەمیشە هاوڕا نەبوو. ڕەخنەکانی لەسەر دەخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان زەرجار توند و ناڕەحەتکەر بوون. بەڵام هەر ئەم تایبەتمەندییەش گرنگییەکەی دیاری دەکات،ئەو بەدوای ڕەزامەندی نەبوو بەڵکو بەدوای ڕاستی بوو. و ڕاستی زەرجار لە کۆنسێنسدا نەدەزرێتەوە، بەڵکو لە ناڕەزایەتییەکاندا.

لەگەڵ کۆچی دوایی فاروق هاڕێ، کوردستان تەنها بیرمەندێک لەدەست نادات، بەڵکو هەوڵستێک،ڕەتکردنەوەی وەڵامە سادەکان و بانگەوازی

بەردەوام بە پرسیارکردن. مردنی ئەو پرسیارەکی کراوە جێدەهێڵێت: کە دەتوانێت درێژە بەو ژیانگایە بدات کە ئەو دەستی پێکرد؟

لە کۆتاییدا، میراتی هاوڕێیەتی تەنها لە کتێب و نووسینەکاندا کورت نابێتەوە. ئەو میراتە لە ناخەکانیدا دڕژی کە لە دوای خۆی جێی هێشتووە: لە هەر گومانێک، لە هەر پرسیارێک، و لە هەر هاوڕێیەک بە بینینی جیهان بە شێوەیەکی نوێ. مرۆڤ دەمرێت، بەڵام بیر نامرێت؛ و تا کاتێک بیر دەکرێتەوە، بەشێک لە فاروق هاوڕێیەتی هەمیشە ئامادە دەبێت.
رووحی شادبێت ،خودا سەبری بدات بە کەسوکاری دکتۆر فاروق هاوڕێیەتی

ایوب احمد قادر/ئەڵمانیا

ئەڵمانی دیوێکی دیکەی حیکایەتی نێنووسراوەکان-ی یوسف عزەدین لەلایەن مختار شکری پور کرایە فارسی

لەلایەن نوسەر و وەرگێڕی ناسراو، ئەزدار مختار شکری پور، ئەڵمانی دیوێکی دیکەی حیکایەتی نێنووسراوەکان-ی یوسف عزەدین کرایە فارسی کراوەتە فارسی و لەلایەن نەشری ثالث-ەوە، چاپ و بڵاوکرایەوە.

https://salesspublication.com/%D8%B1%D9%88%DB%8C-%D8%AF%DB%8C%DA%AF%D8%B1-%D8%AD%DA%A9%D8%A7%DB%8C%D8%AA-%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D9%86%D8%A7%D9%86%D9%88%D8%B4%D8%AA%D9%87?search=%D8%B1%D9%88%DB%8C%20%D8%AF%DB%8C%DA%AF%D8%B1

تەحزیر ەەسمی.. شیعر\ نەوزاد بەندی

با دوا شت کە لە یادی ئەکەی ،
من بم ..
دوای من،
هیچی ترت بە لە یادکردن، نەمێنێ..
با دوا کەس کە تیرەری ئەکەی،
من بم ..
دوای من هیچ کەسە نەتدوێنێ …
من با دوا دەنکە فستق بم ،
کە تۆکەەکانی جیا دەکەیتەوە ..
فڕێی ئەدەی ..
با دوا کەس کە بڵەکی ئەکەی،
من بم ..
واەکەت وەک دەشتی کەنعان،چۆڵ بێ ..
دوای من، خاڵیی و تەنیا بی وەک مانگ
با من دوا پرژە ەتر بم ،
کە ئیتر ئەبە شوشەکە
بشکێنی ..
وەک دوا دڵۆپە فرمێسکی
سەر برژانگ ..
نامۆە دوای من ،
کەسە زەنگت بە لێدا ..
نوکتەیەکت بە بکا و
بتهێنێتە پێکەنین ..
لە پڕسەی هەبژاردنی ەشقا،
دەنگت پێ بدا و ..
داوەتی پیاسەیەکت بە بکا و
لە پێچکدا،
شانت بەر شانی بکەوێ ..
نامۆە ..نا ..نامۆە،
لە دوای من،
شاعیرە دار و تەختەی
شیعرەکت بە ببەستە و

لە ئەسکەلەیەکەوە،
تەماشات کا و
دنیایەک وەنەت بگرە..
بیەوە لە فرستەکا،
پەت بێ دەم پەم
ئێ خەشم ئەوە ..
نا .. نامەوە ..
دوای من کەسکی تر
لە زیندانە نهێنییەکانتا،
بەر هیچ عەفواتە نەکەوە ..
ەازی نەبە لەت جیا بێتەوە،
بە ئان و زەمان ..
نا .. نامەوە ..
دوای من، کەسک
خەوی نیوەێ یەکت بزەنە و
وەک قازیقە بتخاتە سەر شانی و
بتبا بە ناو درەختە نەمامەکانی پارکە ..
لە دەندرمە خانیەک ،
دوو پسکیتی ێنگ و ێنگ بکێ ..
لە کەبابخانیەک بێ،
چوار شیشی موشکەل مەحشی ..
نامەوە . نا دوای من،
هیچ جەردەیەکی ترت لە هێکەوە ..
ئەمەوە هەر من،
تیشکی چاوەکانت تاڵان کەم ..
هەر من هەنگاوەکانت بە خەم پاوانکەم ..
نامەوە دوای من ،
هیچ جەردەیەکی تر،
نەیێ نیوەێ بنووی ..
بە دیارتەوە دانیشە ،
تە باوەشک بەیت و
ئەویش مەوزوعەکی دوور و درێژ بکاتەوە ..
ئەو خەو بیباتەوە و
تەیش نیوسەعات تەلەفۆن بکەی ..
ئەواره زەر خەرا بێتە شارەوە و
مانگ پەش وەخت ،
کەدەتا بکا بەسەر عەسرا ..

کزەبایەک دەستت بتەزێنێ و ..
نامەوێ بەجگە لە خەم هیچ جۆردێک،
وەک کەترە باریکەیەکی بەر شەختە،
دەستەکت بفڕێنێ و
بیخاتە گیرفانێکی ..
بەجگە لە خەم ، نامەوێ هیچ جۆردێک،
بۆ بۆرنامە ،
تۆ بکا بە هاوڕێی سەیرانێکی
بۆ سەربازی جەنگێکی ..
بۆ فڕۆچی ڕەنگێکی ..
بۆ هاوبەشی پێکەنین و گریانێکی ..

مائـــاوایی لە ســـەبەرکان..
شیعری شەهلا نوری

لە نێوان دوو جەمسەری دژواردا،
سەما لەگەڵ باهۆزی بوون دەکەم،
لە نێو خەیاڵێکدا کە تێیدا سەبەرکان دەلاوێنمەوە،
و لە ڕاستییەک کە لێی دەترسم
دەترسم ڕاستی، ئەو بتە بشکێنێت کە پەرستوومە،
دەترسم "تە"یەک ببینم…
کە لە "تە"ی ناو خەیاڵم نەچێت
بەڵام ئیتر ئامادەم،
ئامادەم پەنجەرەی خەیاڵ دابخەم و
باوەش بە تەوژمی ساردی ڕاستی بگرمەوە
با تاڵیی ڕاستی لە شیرینیی خەیاڵ پیرەزتر بێت،
من نامەوێت لە ناو تەمومژدا ون ببم،
با لە ناو جەوهەری ڕاستیدا هەبم
دەی خەیاڵ… کەنەشی مائاوایی!
ئەی ڕاستییە تاڵەکە…
سڵاو!

زنجیرە کاری (فەلسەفییانە بیرکردنەوە) لە دروومیدیا بەشداری د. ئازاد حەمە

زنجیرە کاری (فەلسەفییانە بیرکردنەوە) لە دروومیدیا/ وانەی یەکەم بریتیە لە : ویست بە فەلسەفە:

https://web.facebook.com/reel/4309702439272528

وانەی دوەمی زنجیرە کاری (فەلسەفییان بیرکردنەوەیە) کە بەم ناونیشانە وانەی دووەم: شکڵی بیرکردنەوە:

https://www.facebook.com/share/v/18T2i9dAYV/?mibextid=wwXIfr